


بانەمەڕی ٢٧١٠ | ژمارە: ١ | APRIL 2010

## لە ساڵیادی ١١٢ هەمین ساڵی ڕۆژنامە گەری کوردی




گومان لەوە دانیە کە ڕۆشنبیرو روناکبیرو خامە بەدەستانی کورد لە هەر شوێن و کاتێک دا بووبن دڵسۆز و خەمخۆری نەتەوە ستەم دیدەکەیان بوونە و هەوڵی ڕۆشنبیر کردن و وشیار کردنەوەی گەلەکەیان داوە، بۆ ئەم مەبەستەش بیریان لە دەرچوونی رۆژنامەی کوردی کرەۆتەوە، وەک ئاشکرایە ڕۆشبیرانی کورد لەدەوروبەری کۆتایی سەدەی نوزدەهەم بەگەرمی تێکەڵی خەباتی نەتەوەی گەلەکەیان بوون،هەروەها تارادەیەکی باش خوێندەواری و هوشیاری و سۆزی نەتەوایەتی وراميارىان لەناودا بڵاو بووەوە،بەتایبەت لە کەڵە پیاوانی کوردی خوێندەوارو دڵسۆز لە بەشی کوردستانی ژوروو واتە کوردستانی تورکیا هەرلەو رۆژگارەشەوە لە بایەخ و نرخی رۆژنامە تێگەیشتن...

بۆ لاپەری ٢

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## وەسیەتنامەی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان

بسم لله الرحمن الرحيم
نەتەوەێ ژێردەست و زۆڵم لێکراوی کورد!
برایانی بەڕێز !



لە دواین چرکەکانی ژیانم دا چەند ئامۆژگاری تان دەکەم،بۆ خاتری خوا دەست لە دوژمنایەتی یەکتر هەڵگرن،یەکگرتوو بن و داکۆکی لە یەکتر بکەن،لە بەرانبەردوژمن دا راوستن،خۆتان بە دوژمن مەفرۆشن. دوژمن تەنیا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ئێوە بەکار دێنی.

بۆ لاپەرەی ٥

## شۆخ و شەنگم نیشتمانی داگیرکراو



تیشکی هەتاوی چاوەکانت لە ناخمدا هەستێکی ناسکی ئەوینی بیگەردی خوڵقاد و ڕاکێشی کردم،جوانیت چەخماخەی شۆڕشی شەیدایی لە ناو

بۆ لاپەرەی ٦

---

## یادیک لە شاعیری ناوداری کورد ماموٚستا قانع




قانع یان قانیع، ناوی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ سەعیدی دۆڵاشیە و لە نەوەی (کابل)ی مەریوانن. لە 15ی سپتامبری 1898

بۆ لاپەری ١١

---

* کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان (لاپەری ٣)
* زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتووی کوردی (لاپەری ٩ )
* چیرۆک بۆ منداڵان(شەمەندە فەر (لاپەری ١۴)
* کرۆنۆلۆگی کوردستان (لاپەری ١٥)
* پەندی پیشینیان ( لاپەری ١٢)

پاشماوەی لاپەڕی ١

# کورتەیەک لە مێژووی زێڕینی ڕۆژنامەگەری کوردی

سومەییە چۆمانی

بەتایبەت ئەو ڕۆڵە نەبەردانەی کەلەئەستەمبۆڵ ژیابوون،چونکە ئەوان لەواقیعەکە تێگەیشت بوون و بەچاوی خۆیان دیبوویان ڕۆژنامەنووسانی تورک و گەلانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی چ دەورێک لەژیانی کۆمەڵدا دەبینن ،ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تر زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتی و ووشیاری پاڵی بەخوێندەوارە دووربینەکانی کوردستانەوە نا بکەونە خۆسازدان و خستنەگەری خامەکانیان بۆدەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارو بلاوکراوە بەزمانی زگماکی خۆیان ،تا لەم ڕێگایەدا بتوانن خزمەت بەنەتەوەکەیان و بلاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و رامیاریان لەرێزی خوێندەوارانی کورد و گەیاندنی دەنگی نەتەوەی کورد لەپێناو بەدەستهێنانی رزگاریدا،مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی مێژوویەکی زێرین و پڕلەخەبات و شکۆو تێکۆشانە،چونکە هەر زوو ڕۆشنبیرو ڕووناکبیرانی کورد کەبیریان لەدەرکردن و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی کردەوە ئەوەیان خستە بەرچاو کەئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە وا بە ئاسانی بەناو چاو و مێشکی دوژمن و داگیرکەرەکانی کوردستاندا ناچێتە خوارەوە،بەڵکو وایان لێدەکات کە لە بچووکترین هەلدا بتوانن نووسەرو و خاوەن ئیمتیازی لەناو بەرن و ڕۆژنامە گۆڤارەکانیش دابخەن ،لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕۆناکبیرە کوردانە بەهۆی هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەییانەوە لەسەر ئەو نووسینانەیان کەبلاو یان دەکردەوە تووشی هەزارەها چەرمەسەری و دەربەدەری و ماڵ وێرانی و فشار دەهاتن لەو پێناوە،بەڵام هەر کۆڵیان نەداوە،بەردەوام بوون و پاش هەر ئازارو ئەشکەنجەیێک داهێنان و بەرهەمێکی نوێ تریان پێشکەش بەنەتەوەکەیان دەکرد ،چونکە دەیان زانی میللەتەکەیان تینووی ئەم بوارەیە،بەڕاستی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لاپەڕەیەکی زێرینە لەمێژووی کلتوور و ڕۆشنبیری و خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیماندا،چونکە بەشی هەرە زۆری ڕۆژنامە نووسانی کورد لەهەموو ئاستێک و ڕۆژگارێکدا لەرێزی هەرە پێشەوەی خەباتگێرانی نەتەوەدا بوون وبەشێک بوون لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەماندا،وەپێویستە ئەوەش بزانین کەیەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان)ەوە بووەلە(٢٢)ئاوریلی ساڵی( ١٨٩٨)زاینی دا لە قاهیرە لەلایەن (میقداد بەگ بەدرخان)ەوەلە دواتریش لەلایەن (عبدالرحمان بەگی)برایەوە دەرچووە،نەوەکانی بەدرخان پاشا،بۆ ئەوەی برەو بە خەباتی سیاسی و کەلتووری کورد بدەن،پاش لەناو چوونی میرنشینی بۆتان و دەربەدەر بوونیان هەستیان کرد ڕۆژنامە باشترین و کاریگەرترین چەکە بۆ هۆشیاری و ڕۆشنبیری نەتەوە ،و ڕێگاپێشاندانی و ڕێنمای کردنی بەڵام ناحەزو دوژمنانی کورد هەمیشە بەدوایانەوە بوون بۆ سەر کوتکردنی خامەو ڕۆژنامەی کوردی ، و ڕۆژنامەی کوردستان لەچەند شوێنێک دەردەچووو، وەک:لە(قاهیرە . جنێڤ . لەندەن . فولگوستوڤ)وە دوا بە دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بووە ری خۆشکەرێکی سەرەکی بۆ دەرچوونی چەند ڕۆژنامەیەکی تری کوردی ،وەهانی خامە بە دەست و ڕۆناکبیرانی کوردی دا ئەم ڕۆژنامانە بهێنەکایەوە،وەکو ڕۆژنامەی(تێگەیشتنی ڕاستی لەساڵی ١٩١٨)،و ڕۆژنامەی (پێشکەوتن١٩٢٠)، ڕۆژنامەی (ڕێ یاتازە،١٩٢٠) ،ڕۆژنامەی(ڕۆژی کورد١٩٢١)، ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان،١٩٢٢)، ڕۆژنامەی (بانگی حەق ١٩٢٢) ،ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال،١٩٢٣)، ڕۆژنامەی (ژیانەوە،١٩٢٤)، ڕۆژنامەی (ژیان،١٩٢٦)، ،هەروەها هەر لەم ماوەیەشدا ژمارەیەکی زۆرلە گۆڤار دەرچوون وەک:گۆڤاری(ڕۆژی کورد،١٩١٣ لەئەستەمبۆل دەرچوو)، گۆڤاری (یەکبوون،١٩١٣)، گۆڤاری (بانگی کورد،١٩١٤)، گۆڤاری کوردستان،١٩١٤) ،(گۆڤاری کوردستان١٩١٠)*جێ بەجێ کردنی ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار نە لەناو خاکی کوردستان خۆی و نە لە ئەستەمبوڵی پایتەخت بەهۆی ڕژێمێکی خوێناوی ئەو سەردەم کە کارێکی ئاسان نەبوو،لەبەر ئەوە ڕووناکبیرانی کورد ناچاربوون هەوڵ بدەن لەدەرەوەی نیشتیمان ڕۆژنامە یەکی کوردی چاپ بکەن و لەوێشەوە بە نهێنی بینێرنە کوردستان ،باشترین شوێنیش لەو سەردەمە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی لەو بابەتە میسر بوو،چونکە ئەم وڵاتە لەسەردەمی محمد علی گەورە (١٨٠٥-١٨٤٩)لەچنگ دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانیەکان ڕزگار بوو بوو،سەرەرای ئەوە بەرلە کۆتایی سەدەی نۆزدەمین بەدوایدا جێ پێێ خۆیان لەمیسر قایم کردبوو،هەروەها* تەختی قاچاری لەوێ چاپەمەنی خۆیان دەرکرد، هەندێک لەدەسەڵاتدارانی عوسمانی کەوتوونەتە شەر فرۆشتن و بیانووگرتن بەخاوەنی قاچاری لەوێ چاپەمەنی خۆیان دەرکرد،

سەرچاوە
Serchawe

قاچاری لەوێ چاپەمەنی خۆیان دەرکرد، هەندێک لەدەسەڵاتدارانی عوسمانی کەوتوونەتە شەر فرۆشتن و بیانووگرتن بەخاوەنی ڕۆژنامەکە بەرادەیەک داوایان لەکار بەدەستانی میسر کردووە ئەو نیشتیمان پەروەری کورد،وەک تاوانبارێک بنێرنەوە ئەستەمبۆل وادیارە ئەو هەرەشە زۆرە فراوان بوو و (میقداد بەدرخان )ی ناچارکرد ،لەدوای ژمارە پێنجەوە ئیتر دەست لەدەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان هەڵبگرێت و بەدرخانیەکان ناچاربوون ڕۆژنامەکە بگوێزنەوە بۆشاری جنێڤ، وە لە کۆتاییدا بەکورتی گرنگی ڕۆژنامەی کوردستان دەخەینە ڕوو:

*دیارە ڕۆژنامەی کوردستان وەک دیارە و ئاماژەمان پێکرد کەیەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە، بۆیە زۆر لەمێژوو نووسەرانی کورد و بیانی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانیان بەدەسپێک و سەرەتایەکی گەورەی گۆرانکاری لە ژیانی کورد و کۆمەڵگای کوردیدا داناوە.

* ئامانجی سەرەکی لەدەرچوونی ئەم ڕۆژنامە یە بریتی بوو لە ووشیاری و ڕۆشنبیر کردنی گەل بۆیە زۆر بایەخی بە زانست و خوێندن و خوێندەواری داوە.

*لەم ڕۆژنامەیە گەڵێک بابەتی جۆراو جۆری لە خۆ گرتبوو ،وەک: پەخشان ،چیرۆک، شعر و ئەدەب، بەشی ئاینی بەتایبەت فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)..*

و ئەم ڕۆژنامەیە هانی کوردی داوە کە دۆست و دوژمنانی خۆیان بناسن بۆ گەلیان تێ بکۆشن.

*************************************************

پاشماوەی لاپەری ١

## کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان [بەشی یەکەم]

نووسینی: حوسێن مەدەنی

### کوردستان لە چوار سەدە دا(١٥١٤- ١٩١٤) زایینی

### ئەلف) ئەمارەتە کوردیەکان لە هەڵس و کەوت دا

*ئەمارەتی کوردی لە شەری ئایینی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکاندا هەرازو نیشێویکی زۆریان بری. خالی هەر لاوازی شەری چاڵدران(١٥١٤ز) ئەوە بوو،بە کردەوە لە قەڵەمرەوی حاکمییەت دا کوردستانی کردە دوو پارچە؛لەمەو پاش بە ناوی کوردستانی عوسمانی و کوردستان ئێران دەناسران. هەرشەرێکی لە سێ سەد ساڵی دوایی لە نێوان پادشاکانی ئێران و سەلاتینی عوسمانی دا قەومابا،لەسەر زەویی کوردستان ڕوویان دەدا. لەشکری کوردانیش لە هەر لایەک بان، دەبوونە کەواسووری پێش لەشکرەکانی. زۆربەی لەشکری کوردەکانیش هەر بەدەستی یەکتری دەبرانەوە و تێدا دەچوون.بە قولی سوڵتان سوڵتانی قانوونی: دیوارێکی کۆشت و خوێن لە نێوان سەفەوی و عوسمانی دا لە سەفەویش لە شەری چاڵدران دا زۆرتری بە هێزی باسکی"سارۆبیرەی بانەیی"و لەشکرەکەی تێ کەوت بوو.*

*سوڵتان سەلیم لە پاش شەری خوێناوی چاڵدران لە پاداشی چاکەی کوردەکان ئەو هەلەی بۆ میرانی کورد ڕەخساند بوو، بەیارمەتیی مەولانا ئیدریسی بتلیسی کوردستانێکی یەکدەست و یەکگرتوو لە بەرامبەر دەوڵەتی سەفەویدا قوت بکاتەوە. میرە کوردەکان حازر بوون بچنە ژێر باری میرێکی میران کە نۆکەری سوڵتان سەلیمی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی خسڵەت و فەرهەنگی"ملوک الطوایف" بەسەریاندا زاڵ بوو، نەیانتوانی لە نێو خۆیاندا میری میران هەڵبژێرن و ئیتاعەی بکەن، هەر لە بەر ئەوەش بوو لە سنووری حوکمرانییان بەولاوەتر گەشەیان نەستاند.*

سەرچاوە Serchawe

*شێوەی حوکمداری میران کورد وەک و ئەشراف و فیئودالی خودموختاری سەدەی ١٥و١٦ای ئورووپا دەچوو. هەر دوو لایان ئیتاعەتیان لە پادشاکان وەختێک مسۆگەر دەبوو کە دەسەڵاتی سیاسی و قودرەتی ماڵی و مەعنەوی یان پارێزراوبا،ئەگینا خۆیان قانوونیان دادەنا و بەڕێوەیان دەبرد.*

*رۆژ جار میرانی کورد کەمەندی لاگیریان لە سەلاتینی عوسمانی و پاشاکانی ئێران دەپساند و،ئیعلانی سەربەخۆیی یان دەکرد،بەناوی خۆیان سکەیان لیدەدا،لە نوێژی جومعان خوتبەیان بە ناوی میر دەخوێندەوە،بەڵام لەو حەددە زیاتریان تینەدەپەڕاند.*

*دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لە سەر حاکمییەتی میرانی کورد و روانگەکانیان زۆر لێک جیاواز بوو. دەرباری عوسمانی بە گوێرەی پەیمانیکی کە لە گەڵ ئەمیرە کوردەکان بەستبووی مەوجوودییەت و ئیختیار و دەسەڵاتداریەتی ئەوان لە نێو سنوورێکی دیاریکراو دا سەڵماندوو، میرانی کورد تەنیا لە باجدان و کاتی شەردا یارمەتی دەوڵەتی عوسمانیان دا،وەزعییەتیان لە سەریەک زۆر باش بوو،بۆ ماوەیەکی زۆر سەلاتینی عوسمانی لە هەموو بارێکەوە رێزو حورمەتی میرانی کوردیان دەگرت. پادشایانی سەفەوی بە پێچەوانەوانەی دەرباری عوسمانی،نەک هەر ئەمارەتی سەربەخۆی ئەردەڵان و موکری و برادۆستیان پێ تەحەمول نەدەکرا، دەگژ ئەمارەتی کوردستانی عوسمانیش رادەچوون.بەهێزترین بەڵگەی سەفەوییەکان ئەوە بوو ئالاهەڵگری ئایینی نۆیی شیعە بوون و لە گەڵ کوردی سوننە هەلیان نەدەکرد؛ کاتیک ٢٤ ئەمیری کوردستان بە نیازی دەربرینی وەفاداری چووتە تەورێز،شائیسماعیل سەفەوی لەجیاتی رێز لێنان و خەڵات کردنیان دەستووری کەلەبچە کردنی دانو،خاکی ئەوانی بەسەر قزلباشاندا دابەش کرد(بارودۆخی کوردستان لە سەدەی١٦، نووسینی شمس الدین و اسکندەر،وەرگێران شوکرمستەفا،لاپەری١٣٠)*

*پاشاکانی سەفەوی ئەمانیان بەئەمارەتە کوردییەکان نەدەدا؛شاعەبباسی سەفەوی بەردی بناغەی قەڵای دمدم،ناوەندی فەرمانڕەوایی ئەمیرخانی برادۆست"خانی لەپ زێرین ی دەرهێنا. ئەم جار سوپای قزڵباشی وەسەر ئەمارەتی موکری گێرا، کارەساتی موکری قڕانی خولقاند. کاتبی تایبەتی شا عەبباس نووسیویەتی:*

*"...ئاورگی عێلی موکری کوژاوە، پیاوەکانیان بوونە خوراکی شمشیرە ناودارەکان،ژن و مناڵیان زەلیل کران و بەدیل گیران..."*

*شاعەبباس دوای ئەو قەلاچۆکردنش دەسبەرداریان نەبوو، دەستووری بە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان دا ئەوانەی لە بەرجەنگ قزڵباش هەڵاتوون بیاگرن و بیاکوژن، ئەگینا بەدەری عیل موکریانیان دەبا(زندگی شاعەبباس اول جلد٣.تالیف نصرالله فلسفی لاپەری٨٩٩).*

*شاعەبباس بە ئەوەندەش نەوەستا زیاتر لە ٥٠ هەزار، بنەماڵەی عەشیرەتی جەلالی بۆ خوراسان کۆچ پێدا(شێخ علوی وتشیع صفوی، ٢٠٦و٢٠٧ و توضیع المسائل شفا،لاپەرەکانی ١٨١و١٨٤)*

*میرانی کورد تەنیا لە "نیشتمانپەروەریی مەحەللی" دا زۆر بەهێز بوون، هەرمیرەی بۆ پارستنی جێ و رێی خۆی لە بەرامبەر داگیرکەراندا،هەر کەسێک بوویێ،ئەوەندەی لە توانا دابووە بەرگری کردوە،ئەگەر بۆی لوابی وڵاتی رێژدەسەڵاتی لە نێوخاکی کوردستان بەرێتەدەر،بۆ وێنە"عبدالرحمن پاشا"ی بابان لەسەر داوای فەتحعەلی شای قاجار و محەممەد عەلی میرزای کوری توانای هەبوو هێرش بکاتە سەر بەغداو بیگرێت،بەڵام حازر نەبوو تکاو رەجای خەڵکی شارەکە بۆ وەلایەتی بەغدا قبوول بکاو تێدا بمینێتەوە.میرمحەممەد میرە کۆرە"لە هەرتی هێزو دەسەڵاتی دابوو سوڵتان مەحموودی عوسمانیش بە هۆی شەر لە گەڵ رووس و میسرییەکان وراست بوونەوەی نیچرییەکان لەو پەری کەنەفتی دابوو.کاتێک خەڵکی ناوچەکانی"بین النهرین" ئامادەیی خۆیان بۆ ئیتاعەت لە"میرمحەممەد" راگەیاند،"میرمحەممەد" وەڵامی دابوونەوە:*

*"ئەمن دەخڵی مەنتەقەی حکوومەتی پاشای ئیسلام ناکەم.خودا تەوفیقم بدات ئەو حکوومەتانەی لە دەست دەربەگی کوردستان دان زەبت و تەحسیران دەکەم".(وەرگێراو لە کتیبی بیری نەتەوەیی کوردی جەمال نەبەز ١٩٨٤ی هەتاوی ٢٥٩٦ی کوردی.لاپەری ٣٦)*

دریژەی هەیە...

سەرچاوە
Serchawe

پاشماوەی لاپەڕی ١

# وەسیەتنامەی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان

دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆرن،دوژمنەکانی زاڵم وبێ رەحم و بێ ویژدانن،رەمزی سەربڵیندی و سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەک یەکیەتی‌و یەکگرتنە، ئازادیی نەتەوەیەک پێویستی بە پشتیوانیی گشت نەتەوەکەیە، نەتەوە بەبی یەکگرتن هەمیشە کۆیلەدەبێ،ئێمەی کورد هیچمان لە نەتەوەکانی تر کەمتر نییە تەنانەت مرۆڤایەتی و کەرامەت وئازایەتی کورد گەلی زیدەترە. ئەو نەتەوانەی توانیویانە رزگاربن یەکگرتوو بوونەو بەس. ئێوەش دەتوانن بە یەکگرتوویی‌و یەکبوون خۆتان کۆت و زنجیر داماڵن. چاوچنۆکی و خەیانەت وخۆفرۆشی وەلانێن. ئیتر فریوی دوژمنان مەخۆن. دوژمنانی نەتەوەی کورد لە هەر تاقمو کۆر ورەنگ گرووپو رەگەزێک بن دیسانیش هەر دوژمنە، بێ ویژدانەو بێ بەزەیی یە. ئێوە دەخاتەگیانی یەکترتا بەئامانجی خۆی بگا، بەواده و بەڵێنی درۆ هەڵتان دەخەڵەتێنێ. لە سمایل ئاغای شکاک تا جەوهەرئاغای برای‌و حەمزەئاغای مەنگوڕ دەیان قارەمانێ دیکە، کەوتنە داوی فریوی ئەو نفرین لێکراوانە و زۆر ناپیاوانە شەهید کراون. هەمووی ئەوانەیان بە سوێندو قورئانو فریوداوە، ئاخر ئەمانە کەی دەزانن قورئانو سوێند چییە،وادە و وەفاداری لای ئەو جەماعەتە هەرمانای نییە. لە رێگەی خوداو بۆ رەزامەندیی ئەو پشتی یەکتر بەرمەدەن، یەکگرتوو بن، دڵنیا بن هەنگوینی دوژمن ژاراوی یە. فریوی سوێندی بە درۆیان مەخۆن. ئەگەر هەزار جاریش سوێند بەقورئان بخۆن دیسان هەر ئامانجیان لە ناوبردنی ئێوەیە.

لە دوایین کاتژمێرەکانی ژیانمدا خوا بە شاهید دەگرم کە لە رێی ئازادی‌و بەختەوەریی ئێوەدا گیانو ماڵی خۆم بەخت کردووە لە هیچ چەشنە تیکۆشانێک خۆم نەپاراستووە وکۆتاییم نەکرد. لە لای ئەمان کوردبوون تاوانە، سەرو گیانو ماڵو ناموستان لای ئەوان حەلاڵە.

ئەوان کە لە مەیدانی خەبات داناتوانن بەرەنگاریتان بکەن روودەکەن فێل وتەڵەکە. شاو دارودەستەکەی رۆزجار وەڵامیان نارد کەئامادەن بۆ وتووێژ و مەیلی خوێن رشتنیان نییە، بەڵام من دەمزانی ئەوان راست ناکەن.

خۆئەگەرخەیانەت و خۆفرۆشی‌و فریوخورانی هێندێک لە سەرۆک عەشیرەکان نەبوایە، کۆمار هیچ کات هەرەسی نەدەهێنا.

وەسیەت لەمنەوە منداڵەکانتان فێرە زانست کەن. نەتەوەی ئێمە هیچی لە نەتەوەکانی تری جیهان کەمتر نییە، جگە لە زانستو زانیاری. فێرە زانست بن تا لە کاروانی شارستانیەت دوا نەکەون. زانست، چەکی لەنێوبردنی دوژمنانە، دڵنیابن ئەگەر بە دوو چەکی یەکیەتی‌و زانست پۆشتە ببن، دوژمنان کارێکیان بۆ ناچێتە پێش. ئێوە نابێ بەمەرگی من و براکانو ئامۆزاکانم ترس بکەوێتە دڵتانەوە. ئێستاش دەبێ قارەمانی زۆر گیان بەخت کەن تا داری رزگاری کوردستان بگاتە بەروبۆ. دڵنیام پاش ئێمەش قارەمانی دیکەش دێن فریو دەخۆن، بەڵام هیوادارم مەرگی ئێمە ببێتە دەرسی پەند وەرگرتن بۆ سەرجەم خەباتگیڕانی رزگاری کوردستان.

وەسیەتێکی دیکەم بۆ دڵسۆزانی نەتەوەی کورد هەیە. لە خوای گەورە داوای ئازادیی نەتەوەی خۆتان بکەن. لەوانەیە لە خۆتان بپرسن قازی بۆ سەرنەکەوت؟ لە وەڵامدا دەڵێم سەرکەوتووی راستەقینە منم. هیچ شانازییەک لەوە گەورەترنییە کەمن لە رێ نیشتمان و وڵاتم سەرومالم بەخت دەکەم بروا بکەن زۆرجار لەخوام ویستووە ئەگەر قەرارە بمرم مردنەکەم بەشێوەیەک بێ کە بەرووی سوورەوە لەبەردەم خواو رەسۆڵی خوا و نەتەوەکەم دا ئامادە بم.ئەو مردنە سەرکەوتنی راستەقینەیە.

ئازیزانم! کوردستان، نیشتمانی کوردو ماڵیەتی. هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە لە بەرانبەری چاوچنۆک بێ هەرچی بۆ رزگاری کورد لەدەستان دێ کۆتایی مەکەن.

نابێ لەسەر رێگای ئەو کەسانەدا کە بەرپرسایەتی دەگرنە ئەستۆ ببنە کۆسپ. ئەرکەکانی بەباشترین شێوە بەرێوە ببەن. دڵنیابن براکوردەکەتان سەد جار لە دوژمنی بێگانە باشترە. ئەگەر من بەپرسایەتیم وەئەستۆوە نەگرتبایە ئێستا لەبن پەتی سێدارە نەدەبووم و لە لای بنەماڵەکەم رۆژگارم دەبردەسەر، بەڵام ئەرکی سەرشانم، بەرزترین ئامانجی من بوو ولەو رێگەیە دا گیان دەبەخشم، لەئەنجامدا سەرکەوتن بۆ ئێوەیە.

سەرچاوە Serchawe

لەئەنجامدا سەرکەوتن بۆ ئێوەیە.
تادەست نەخەنە ناو دەستی یەکتر سەرکەوتوو نابن.

هیوادارم قسەکانم وەرگرن، خوابەسەر دوژمنان دا سەرکەوتووتان کا.

مراد مانصیحت بود و گفتیم حوالت با خدا کردیم و رفتیم.

خزمەتکاری گەل و نیشتمان

قازی محەممەد

##################################################################

پاشماوەی لاپەڕی ١

## شۆخ و شەنگم نیشتمانی داگیر کراو

*سەید ئەحمەد حوسێنی*

تیشکی هەتاوی چاوەکانت لە ناخمدا هەستێکی ناسکی ئەوینی بێگەردی خوڵقاند و ڕاکێشی کردم ، جوانیت چەخماخەی شۆڕشی شەیدایی لە ناو دڵم لێدا و وەک پەپولە لە دەوری باڵاتدا بوومە خۆڵەمێشی شەمی خۆشەویستیت . لە ترۆپکی بەرزی ئەوین ، لە بەرزترین پلەی ئاسمانی خۆشەویستی دا ، تاسا و ئۆقرە لێ هەڵگیراو ، وێنەی هەتاوی زێرینی خۆشەویستییەکی بێگەردم تێکەڵ بە نیگایەکی مەندی پڕ لە پەندی خۆشم دەوێی نادرە پێشوازی نیگای سێحراوی چاوەکانت تا هەودا هەودا ، ئاوریشمی پرچی پەرێشانت دابهێنێ و لە کانیاوی کۆسارانت دا چۆڕچۆڕ ئاوی زوڵاڵ بخواتەوە و دڵوپ دڵوپ ئاوەنگی سەرچڵی سورەگوڵت هەڵمیسێ . لە سووچێکی بێ ڕەمز و خەوشی خۆشەویستی دا ، پەیامی ئەوین و حورمەت و یەک بوونم ئاراستە کردی شەپۆلی لاسەشۆڕی نیگام لە ئاتموسفیرێکی هێمنی سرووشت دا نادرە ژوانی دەریای مەندی
غەزالی چاوەکانت تا گەردەلولی ئەوینی بێگەرد لە قەلبی پاکتدا پێک بێنێ و باوەشی گەرمت بکەیە جێگەی سوکنایی و حەسانەوم . لاپاڵی بەگۆڵ نەخشاوی کێوەکانت بکەیە سەرینی خوزگە و حەز و ئاواتم تا ئارام بگرم . بەکەلێنی ساباتی پرچەکانت دا، وردە نیگا شەرماویە پڕ لە پرسیار و گومانەکانتم بە تیری نیگام پێکا و کاروانی قافڵەی مولوکولەکانی هەوای نێوانمان کردە تەتەر تا ڕێگام بدەی پڕ بە گەورەیی حەز و بارتەقای ئەوین، ئامێز لە قەدی چیای نەخشاوت بدەم و تێر تێر لە هەرمێ و کێویلەی شاکاری باغی سروشتی بخۆم

## نیشتیمانی لە من دوور

نەمزانی لە مەلبەندی داگیر کردن و کوفر و زۆر دا، لە بەند و سایەقەی سارده شەوی ویژدانی سەهۆڵ بەستوو دا، لە شەوە زەنگی چاو ئەنگوستی تاڵان و کڕین دا، دێوەزمەی بە زەڕ و ئازار بە دڵی دڵداران بازەڵین دەکا و بێشکەی خۆشەوێستی بە کزەبای سارد و سڕ دەسەڵات ڕادەژێنی ، نەمزانی لە بەستێنی بێ برانەوی سات و سەودا دا، چاوانی زیت و وریاش دەنوقێنین و بە وردینەی موتڵەقی چاوی تێر نەبووندا ، ئەنگوتکی دڵی ئەویندااران لە تیر و ڕوحی پەپوولەکانی شەیدای شەم وەبەر جەنجەری گژەبا دەدەن .

## نیشتیمانی شل و مل و جوانم

لە ئاخرین نوقتەی دابەزینی ئینسانیەت دا بە حوکمی کۆڵەوەژی ڕەشی ئەخلاقی سیخوار لێ باریوی دوور لە بەهارا، ئاسۆیەکی تار و لێڵی زەندەق بەرینیان بۆ دیاری کردی و بەر لەوەی خۆرەتاوی ژیان و ئەوین لە قاپیلکەی کازیوەی کامەرانی بێتە دەر تۆیان خستە ژێر ڕکێفی دەسەلاتی خۆیان و داگیریان کردی تا بە پەیژەیەکی چەپلەکی شکاو دا بەخەیاڵ بتگەیەننە باران . دۆزەخێکی سامناکی جوانی سوێندیان بۆ هەڵبژاردی تا ڕوحی سەرکەش و ناسک هەست و سۆزی گیان لاوێنی پاکت هەڵقرچێنن . بیابانێکی نا هۆمێدی و وشکارۆیان خستە بەر پێت تا خەونی سەوزەکانی و شەونمی گوڵ فەرامۆش بکەی و لە غوربەتی سەفەرێکی بێ گەڕانەوە دا بە دوای تاقە بزەیەکی بەختیاریدا وێڵ بێ ، ئاسۆیەکی ئاڵۆز و تاریک دەستکردی گێژەلوکەی ژەنگاوی تاعونی ئەوین یان کردە تابلۆی دوا ڕۆژت ، تاپرسیاری عیشق و ژیان و مانای راستەقینەی بەختیاری لە جەستەی شەکەت و قەپۆزی ئەهریمەنی ئەو تابلۆیە دا بنێژین و تۆی نازدار و خانومان وەک هێشوە بەرسیلە لە ڕەزی خۆشی ژیان بکەنەوە ، تۆیان داگیر کرد بەڵام خۆشەویستم ! هەتا هەتایە خۆشەویستی تۆ و ئاواتی گەیشتنەوە بە تۆ هیوای قایم و تین و توانای ژینمە . دیمەنی سێحراوی و دڵ لاوێنەکەت تیشکی نێرگزی مەستی چاوانت لە دواین دیدار و نیگا دا تاقانە وێنەی قاپگرتووی سەردەلاقەی کریستاڵی درزخواردووی دڵمە ، خەیاڵ هەموو کات لە گەڵتە بۆ چرکە ساتێکیش لێت جیا نابێتەوە و بە یادی تۆ و دەریای "دوکان" و"وان" لە گەڵ وشە و ڕستە دا ڕێ

دەگرم بە ئاواتی ئەوەم جارێکی تر شێتانە بە کانیاوەکانت دانوسێم و ڕۆژووی دابڕانت بە نۆبەرەی کوراده و کارگیکەمای کوێستانە چڕ و ڕژدەکانت بشکێنم و وێنەی مناڵێکی ساوا ، لە سەر سینگت خۆم مەلۆس کەم و سوجدە بۆ باغ و گوڵزاری پڕ لە جوانیت بەرم تێر لە ئاو و خیز و بەردی گراو و ئاو هەڵدێرەکانت بخۆمەوە

## ئاسکە نیشتمانەکەم

من و تۆ دەتوانین پەچەی ئەم ئاسۆ ناڕوونە لادەین و غەڵبە غەڵبی قەلەڕەشی نەگبەتی ڕوالەت و فریو تێبگەین ، من و تۆ دەتوانین
بێنین و تۆ ببێیەوە بێری شۆخ و شەنگ و منیش کورە حەیرانی کەپەنک لە بەری شەمشاڵ ژەنی شەیدا و دێوانەت.

# کارەساتی ئەنفال و تراژیدیای بێدەنگی!

سیروان کاروانی

*ئەنفال مەرگەساتێک بوو لەم سەردەمەدا، کە عەشق و جوانیی خنکاند و بە فرمێسکەکانەوە لە سەرەتای بەهاری پڕ لە سۆز و جوانییەکانی سروشتدا تێکەڵی گڵی کرد. ئەنفال دۆزەخێک بوو لەم سەر زەوییەدا، بە دەستی مرۆڤکوژان بۆ کۆمەڵێک مرۆڤی هەرگیز خێرنەدیو دروست کرا و ساتەکانی حەشری بە گەردوون پێشان دا. ئەنفال هەرچی سەنگەری مرۆڤایەتی هەبوو، هەموویانی تێکشکاند و لەوێوە زەبری ڕەشی دەستەلاتی بە پیاوچاکان پێشان دا. ئەنفال لە پشت پەردەی ئایینەوە پەیدا بوو و، لە ماوەیەکی کورتدا بۆچوونە مرۆییەکانی لای هەمووان بەگومان کرد.*

ئەوانە شتگەلێکن کە ڕای گشتی، ئەوانەی دەبیسترێن و ئەوانەش کە بێدەنگییان هەڵبژاردووە، تەواو ئاگاییان لێ هەیە و لەو ڕووەوەش بەدیقەتن، هەرچەندە کە هەتا ئێستا یەکدەنگییەک سەبارەت بەو کارەساتە گەورە و مێژوویە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و تەنانەت لەناو خودی گەلی کوردیشدا وەک پێویست بەدی ناکرێ.

*پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایا دڵسۆزانی دژ بەو کارەساتە ئێجگار گەورەیە لە چ ئاستێکدا خەباتیان بۆ کردووە و، ئایا ئەو قۆناغانەی خەبات، تا چەند توانیویانە ئامانج بپێکن و هەر لەگەڵ ئەوانەشدا، بە بەراورد لەگەڵ گەورەیی کارەساتەکەدا، ئێمەی کورد خۆمان چیمان لەدەست هاتووە. ئایا کارەساتی ئەنفال کە ئەو هەموو ماڵوێرانییەی بەدوای خۆیدا هێنا، هەر ئەوەیە کە سالانە و لەو ڕۆژەدا بەبیر بێتەوە و یادی بکرێتەوە، یان دەبێ لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیش بەو ئاقارەدا ببرێ کە بە فەرمی وەکوو جینۆسایدێکی تەواو ئەنجامدراو بەسەر گەلی کورد لە مێژوودا تۆمار بکرێ. ئاخر کارەساتەکە لەوەدایە کە زۆربەی ئەو ئەفسەر و بەکرێگیراوانەی لە هێرشی ئەنفالدا بەشدارییان کرد، ئێستا لە دامودەزگەکانی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیی نوێدا، بە هەمان شێوە دەستبەکارن.*

*لای هەمووان ئاشکرایە کە کارەساتی ئەنفال گورزێکی بێئەندازە کوشندە بوو لەم سەردەم و سەدەیەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و لە ماوەیەکی کورتدا مێژووی سەدان هەزار مرۆڤی وێران کرد. بۆیە دەبێ ئەم کارەساتە بە گەورەترینیان بژمێردرێ و سەختترین تێکۆشانی لە هەموو ئاستێکەوە بۆ بکرێ. گەورەترین کارەساتێک لە مێژووی هەر مرۆڤێکدا ڕوویدات، گۆڕغەریبییە، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی ئەنفال کران، تەنانەت گۆڕیشیان نییە، یاخود دیار نییە. ئەنفال سەد هێندەی کە لەسەری نووسراوە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە، زیاتری پێویستە و دەبێ ئەو کارەساتە لە ئاستی گەورەیی خۆیدا تێیبڕوانرێ و ڕێزلێنانی بۆ بگیرێ.جگە لە هەر حکومەتێک کە لەعێراقی عەرەبیدا دێتە کایەوە، دەبێ ڕای گشتیی نێودەوڵەتیش داوای لێبووردن لە گەلی بەشخوراوی کورد بکات و قەرەبووی ئەو زیانە گەورەیە لەبەرچاو بگرێت کە بەسەر سەدان خێزانی هەژاری ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هات، چونکە جگە لەو ڕژێمەی کە لە عێراقی عەرەبیدا بەو کارە دڕندەیە و هەموو ئاکارێکی نامرۆڤانە و دوور لە شارستانییەت پێی هەڵسا، ئەوانەش کە بە دراوسێکانی عێراق و ولاتانی عەرەبی و زۆربەی هەرە زۆری ولاتانی تریش، کەم نەبوون کە کەم و زۆر بەشدار و ئاگادار بوون لە ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە خەتەرناکەی لەسەر جەستەی کورددا ئەنجام درا. دەبێ عێراقی عەرەبی نەک هەر لە کاتی دەستبەکاربوونی زاڵمانەی ڕژێمی بەعس و سەرکردایەتییە خوێنخۆرەکەیەوە کە بۆ چل ساڵ دەچوو*
*دەستەلاتێکی پڕ لە زەبروزەنگ و حوکمی شمشێریان پەیڕەو دەکرد و بە خوێن دەژیان، بەڵکوو بە ناوی عێراقێکی مێژوو نەوەد ساڵەوە داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات، چونکە ئەوە مێژوویەکە کە داگیرکردنی ئەو بەشەی خاکی کوردستان لە لایەن عێراقی عەرەبییەوە لەخۆ دەگرێت*

ئەوانەی لایان وایە گەلی کورد لە سایەی عێراقێکی عەرەبیدا ئاسوودە دەبێ و درێژە بە داگیرکاری دەدەن، ئەوانەی لایان وایە کوردستان بەشێکە لە عێراقی عەرەبی و ئەوانەی لایان وایە هەرجۆرە دەربڕینێک دەربارەی ئازادیی گەل و خاکێک لەم سەردەمەدا گوناهێکە و مشتومڕێک هەڵناگرێ، ئەو جۆرە خەڵکانەن کە باوەڕیان وایە دەتوانن لە سێبەری دووکەڵێکدا بژین.

ئەوە بۆ چەند مانگ دەچێ هێندێک لە سەرانی بەعس ڕاپێچی دادگا دەکرێن و لێپرسینەوە لەگەڵیاندا دەکرێ، کەچی ئەوەی زیاتر لەسەری دەگوترێ، ١١٢ کوشتاری دوجەیلی شیعەکانە. ئەو ڕژێمە بەرپرسیارە لە خووڵقاندنی دەیان کارەساتی خوێناوی و گەورەتر کە بێ هیچ گومانێک بە فەرمانی سەرانی ئەو ڕژێمە ئەنجام دراون. تۆ بڵێی کارەساتی کوشتنی ١١٢ دوجەیلی لە ١٨٠.٠٠٠ مرۆڤی ئەنفالی کورد یاخود ٥٠٠٠ مرۆڤی کوردی هەڵەبجە، زیاتر و گەورەتر بێ؟

ئەمڕۆ و لە عێراقێکی عەرەبیدا، ڕاستە کە شیعەکان زۆرینەن و لە هەڵبژاردنەکاندا چۆن کە زۆرینەی دەنگ بەدەست دەهێنن، دەشبێ زۆرترین پۆست و هەروەها پۆستی هەرە گەورە بەدەست بخەن، بەلام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە تەواوی پرۆسەکان لە خزمەت ئەواندا بێ و لە هەموو ڕوویەکەوە، پرسی شیعە هەمیشە لە پێش هەمووانەوە بێت. ئاخر لە دادگاییکردنی سەرانی حزبی بەعسدا، هەرگیز نەدەبووایە ئەنفال و هەڵەبجە دوابخرێن. ئەو هەنگاوە دەبێتە هۆی لێکەمکردنەوەی ئەو کارەساتە گەورەیە و ئەنجامەکەی دوودڵییەک دروست بکات، یاخود دوور نەبوو لە مشتومڕێکی زۆر لەسەر شێوەی بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارەساتە گەورەیە، زۆر خەڵکی تریشی تێوە بگلایە، بۆیە ئەو باجەش هەر دەبێ گەلی کورد و بەتایبەتی پاشماوەی خێزانە ئەنفال کراوەکان و سووتماکانی هەڵەبجە بیدەن.

============================================================

پاشماوەی لاپەڕی ١

## زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتووی کوردی

( بەشی یەکەم)

پرۆفسۆر.د. محەمەد مەعرووف فەتتاح

(١) پێشەکی: ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی زاراوەکانی زمان و زار و شێوە و زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتوو لە یەکتری و لە دواییدا چەند تێبینییەک لە بارەی زمانی یەکگرتووی کوردییەوە دەخاتە ڕوو بە مەبەستی تاوتوێکردن.

### (٢) پێناسەی زمان

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە بە پێی پێکهاتە و ئەرک دەیان پێناسەی زمان لە ئارادایە بە تایبەتی لە بەر ئەوەی بابەتێکە کە نەک هەر زمانەوان بەڵکوو فەیلەسووف و شارەزایانی دەروون و مرۆڤناسان و لەم دواییەشدا ئەندازیارانی گەیاندن بە بواری خۆیانی دەزانن، هەر یەکە لەم کۆمەڵە لە تێڕوانینی خۆیەوە و بە پێی مەرامی خۆی پێناسەی زمان دەکەن.لێرە دا ڕەنگە تێبینی ئەوە بکرێت کە پێناسەکانی زمانەوانەکان لە هەموویان کەمتر بڵاون چونکە زمانەوانی لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە گەشە و گۆڕانێکی بەردەوامدا بووە و ئەم پێناسە زمانەوانییانە کەمتر گەیشتوونەتە بەردەستی ئەوانەی پسپۆڕ نەبوون لە بواری زمانەوانیدا. لەم تێڕوانینەوە لە خوارەوە چەند پێناسەیەک دەخەینە ڕوو؛

(أ) زمان ڕێگەیەکی نا غەریزی مرۆڤ بەندە بۆ گەیاندنی بیرۆکە و سۆز و ئارەزوو بە هۆی پەیڕەوێکی هێمایی دەنگییەوە کە بە ئارەزوو بەرهەم دێ.

(٢) زمان پەیڕەوێکی هێمایی دەنگی لە خۆوەیە کە بە هۆیەوە گرووپێکی کۆمەڵ هاریکاری یەکتر دەکەن.
(٣) زمان پەیڕەوێکی هێمایی دەنگی لە خۆوەی خاوەن پێکهاتەیە، کۆمەڵە خەڵکێک بە کاریان دێنێ بۆ دەربڕینی پەیوەندی نێوانیان. ئەم پەیڕەوەش بە تەواوی ئەو شت و ڕووداوانە پۆلێن دەکات کە لە دەور و بەردا هەن.
(٤) زمان پەیڕەوێکی خوویی ئاڵوودە.
(٥) زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە،بە کۆتا یان بێ کۆتا ئاڵۆزە لە درێژیدا، لە کۆمەڵە کەرەسەیەکی بە کۆتاوە دروست دەبێ.
(٦) زمان کۆمەڵە بنەمایەکە کە واتا و زنجیرەیەک _ دەنگ بەیەکەوە دەبەستێ.
(٧) زمان پەیڕەوێکی دەنگی ئاماژەیی تایبەتە کە پێدەچێت بەرنامەیەکی بۆ ماوەیی بێت بۆ گەشە کردن لە مرۆڤدا.
ئەم کۆمەڵە پێناسە زمانەوانییانە کە بە ناخی سەدەی پێشوودا درێژ دەبنەوە و تا ئێستاش کاریان پێدەکرێ، هەر چەندە لە دەربڕین و جەختکردندا جیاوازن، هەموویان لەوە دا ڕێک دەکەون کە زمان خاوەنی چەند تایبەتییەکە وەک ئەمانەی خوارەوە؛

## زمان دەنگە و واتا .

(١)زمان لە دوو ئاستدا کار دەکات: دەنگە زمانییەکان بە ڕێگەی لێکدان دەکات بە مۆرفێم و مۆرفێمەکان دەکات بە وشە و وشە بە گرێ و گرێ بە ڕستە. لە ئاستی تاکە فۆنێمدا زمان زۆر بە دەگمەن واتا دەدات، بەڵام لە ئاستی مۆرفێم و بەسەرەوە زمان زۆر واتا دەگەیەنێ، دەنگێ واتای نەبێت بە دەنگی زمانی ناژمێررێت .
(٢)زمان پەیڕەوە؛ لە هەموو ئاستەکاندا زمان دەستووربەندە، واتە زمان بریتی نییە لە کۆمەڵە دەنگێک یان وشەیەک کە کوێرانە ڕیز کرابن .
(٣) هێما زمانییەکان بە زۆری لە خۆوەن؛ پەیوەندییەکی دیار و ئاشکرا لە نێوان هێما زمانییەکان و واتاکانیاندا نییە هەرچەندە لە وشە سروشتییەکاندا هەندێ لێکچوون بەدی دەکرێ،بەڵام ئەم وشانە گرنگییان لە زماندا پێ نادرێ چونکە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێک دەگۆڕێن و ژمارەشیان لە چاو ژمارەی تری وشەی زمانەکەدا کەمن .
(٤) زمان مرۆڤ بەندە؛ لە تێڕوانینی زمانەوانەکانەوە زمان بەندە بە مرۆڤەوە، واتا، پەیڕەوی گەیاندن لە زیندەوەری تر دا تایبەتییەکانی زمانی مرۆڤی تێدا نییە و بە زمان دانانرێن .
و گرێ بە ڕستە. لە ئاستی تاکە فۆنێمدا زمان زۆر بە دەگمەن واتا دەدات، بەڵام لە ئاستی مۆرفێم و بەسەرەوە زمان زۆر واتا دەگەیەنێ، دەنگێ واتای نەبێت بە دەنگی زمانی ناژمێررێت
٥) لە پێناسەکانی بەشی یەکەمی سەدەی بیستدا جەخت هەیە لە سەر ئەوەی کە زمان خوویەکی کۆمەڵایەتییە و بە فێربوون لە خەڵکی ترەوە لە منداڵدا دروست دەبێت. بە دوای ١٩٥٧ دا باوەڕ وایە کە زمان بەرهەمی دەور وبەر و بۆماوەییە، واتە هەندێ لە بنەماکانی زمان لە گەڵ منداڵدا لە دایک دەبێ و هەندێکی تریان منداڵ لە دایک و باوک و کۆمەڵەوە فێر دەبێ .
(٦) زمان کۆدە یان ئامرازە بۆ گەیاندنی زانیاری بە مەبەستی هاریکاری، واتە جۆرێکە لە چالاکی کۆمەڵایەتی .
(٧) زمان زیندووە؛ واتە هەمیشە لە گۆڕاندایە، بە ڕادەیەک کە لە ماوەی چەند هەزار ساڵێکدا هیچ لە زمانە بنەڕەتەکە نامێنێتەوە .

## ٣) زمان لە تێڕوانینی کۆمەڵناسی زمانەوە ( کۆ زمانەوانی)

یەکەم پرسیار کە ڕووبەڕووی کۆمەڵناسی زمان دەبێتەوە پێناسە کردنی "زمان" خۆیەتی، چونکە نە لە گەڵ ناوچەی جوگرافی سیاسی و نە لەگەڵ نەتەوە دا یەکسان نییە. پێناسەیەکی جوگرافی سیاسی زمان، بۆ نموونە ئینگلیزیی بریتانیا و ئەمریکا و ئوسترالیا و نیوزیلەند لە یەکتر جیا دەکاتەوە.ئەمەش پەسند نییە. نەتەوەش لە خۆیدا بیرۆکەیەکی ئاڵۆزە کە کەم و زۆر پەیوەندی بەو زمانەوە نییە کە کەسێک قسەی پێدەکات. کوردەکانی تورکیا بە تورکی دەدوێن بەڵام خۆیان بە کورد دادەنێن، هەر وەها کوردەکانی سووریا و ئێران کە بە عەرەبی و

سەرچاوە Serchawe

فارسی قسە دەکەن،کە چی لە ڕووی نەتەوەیییەوە کوردن، بەڵام هۆڵەندییەکان کە زمانەکەیان شێوەیەکی ئەڵمانییە خۆیان بە ئەڵمان دانانێن. (٨)

بنەمای لە یەکتر گەیشتن لە دووانەکەی پێشتر باشتر بڕ ناکات و ناشێ بۆ پێناسە کردنی زمان بکرێت بە پێوەر چونکە ئینگلیزێکی خەڵکی گلاسکۆ لە گەڵ کۆکنییەکی ناو لەندەن کەمتر لە یەکتر دەگەن وەک لە ئاڵمانییەک و هۆڵەندییەک، کە چی گلاسکۆ و کۆکنی بە یەک زمان ، واتە ئینگلیزی، ئەژمار دەکرێن لە کاتێکدا ئەڵمانی و هۆلەندی بە دوو زمانی جیاواز دادەنرێن، بە بێ گوێدان بە هیچ بنەمایەکی زمانی چونکە هۆڵەندی و ئاڵمانی نەک هەر لە یەکتر دەگەن، بەڵکوو زمانەکانیان لە ڕووی پێکهاتەوە زۆر لەو زارانە نزیکترن کە پێیان دەگوترێ چینی. کۆمەڵناسانی زمان لە بەرامبەر ئەو کێشانە دا دەستە وەستان دەوەستن ، پێیان وایە کە زمان لە پێناسە نایەت و خۆیان زیاتر پەیوەند دەکەن بە بیرۆکەی کۆمەڵەی زمان. لە لای ئەمان کۆمەڵەی زمان ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە هەست دەکەن بە یەک زمان دەدوێن. (٩)

درێژەی هەیە...

##############################################################

پاشماوەی لاپەری ١

## یادیک لە شاعیری ناوداری کورد ماموٚستا قانع

قانع یان قانیع، ناوی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ سەعیدی دۆڵاشیە و لەنەوەی (کابل)ی مەریوانن.
لە ١٥ای ئەیلول(سپتامبر)ی ١٨٩٨ لەگوندی (ڕیشێن)ی بناری شارەزوور لەدایک بووە.
لەتەمەنی (٤٠ ) ڕۆژیدا بوو کە باوکی کۆچی دوایی کردووەو لەتەمەنی دوو ساڵیشدا دایکی کۆچی دوایی کردووە.
ژیانی قانع لەزەمینەیەکی دەربەدەری و پڕ لە کوێرەوەرییەوە دەستی پێکرد.
بەهەتیوی لەلای خزمێکیان کەناوی (ئاغا سەید حوسێنی چۆڕ)ی بووە لەناوچەی مەریوان گەورە بووە و هەر ئەویش ناویەتە بەر خوێندن.
پاشان بە فەقێیەتی چووە بۆ سلێمانی و چەند ساڵێک لەوێ ماوەتەوە.
هەر بەمەبەستی گەڕان بەشارەکانی کوردستان دا بۆ خوێندن چۆتە (سنە و مەریوان و ساباڵخ و بۆکان و شنۆ و هەولێر و کۆیەو کەرکوک و سلێمانی و بیارە) و دوا قۆناغی خوێندنیشی لەمەریوان تەواو کردووە.
قانع بەر لەوەی بەتەواوی فێری خوێندن و نووسین ببێت تواناى شاعیرێتی تیا دەرکەوتووە و لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا خوی داوەتەوە شیعری ئایینی.
دواتر بەهۆی بارودۆخی کوردستانەوە خولیای شیعری نیشتمانپەروەری بووە، خوێندنەوەی کتێبێکی دەستنووسی فارسی بەناوی (وقایع اردەلان) کەباسی ڕاپەرینەکانی تیرەی ئەردەڵانییەکان ئەکات بەرامبەر داگیر کەران، هێندەی تر کار ئەکاتە سەر دەروونی شاعیر و بەرهەم شیعرییەکانی و ئیتر ئەبێتە شاعیرێکی نەتەوایەتی ونیشتمانپەرەوەر.
لایەنە لەیەک نەچووەکانی شیعرەکانی شاعیر ئەوە ئەگەیەنێ کەزادەی فیکری یەک سەردەم و پێویستی یەک قۆناغ و بەرهەمی یەک ئێش وئازار نین، بەردەوام باوەڕی بەیەکگرتنی جەماوەرو یەکسانی کۆمەڵایەتی هەبووە و لەسەرەتای چلەکانەوە بەتایبەتی لەرۆژگاری دووەمین جەنگی جیهانیدا ڕێبازی سۆشیالیستی وەکو دیاردەیەکی سیاسی زیندوو لەناو شیعرەکانیدا ڕەنگی دایەوەو لەسەنگەری شیعری شۆڕشگێرانەدا دژی دەرەبەگی چەوسێنەرو ئیمپریالیزم بووە و هەمیشە دڵی لەگەڵ ئازار و ئاواتی مرۆڤی جوتیاری چەوساوەی کورددا بووە و وەک شاعیرێکی دڵسۆز و خەم خۆری کورد شیعری بۆ نەتەوەی کورد هۆنیتەوە و لەگەڵ بەسەرهات و کارەسات و ڕاپەرین و شۆرش و دەستکەوتەکانی کورددا ژیاوە. لەشیعرەکانیدا داوای مافەکانی ژنانی کردووە لەبوارەکانی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

سەرچاوە Serchawe

***قانع لەسەرەتای پەنجاکاندا بەهاوکاری مامۆستایان (عەلادین سەجادی و شوکر مستەفا) توانی پێنج بەش لە شیعرەکانی بەشێوەی دیوانی جیاجیا و قەوارەی تایبەتی چاپ بکات، کە ئەم بەرهەمانەن(گوڵاڵەی مەریوان، باخچەی کوردستان، چوارباخی پێنجوێن، شاخی هەورامان، دەشتی گەرمیان).***

***لەژیانیدا گەلێ کارو پیشەی کردووە لەوانە مامۆستای قوتابخانەو کرێکاری و مامۆستای مزگەوت و جوتیاری و ئاشەوانی و فەرمانبەرێتی.***

***لەکۆتایی پەنجاکاندا چەند جارێک خراوەتە بەندیخانە. لەساڵی (١٩٦٠)دا لەبەندیخانەی سلێمانی چۆنیەتی نووسینی زمانی کوردی فێری زیندانییەکان کردووە. لە 7ی مای 1965 زایینی کۆچی دوایی کردوە.***

***لە (١٩٦٣)دا لەگەڵ وریای کوڕیدا لەبەندیخانەی (قەجەر)ی تاراندا زیندانی ئەکرێ و هەر لەو بەندیخانەیەدا هۆنراوە بەناوبانگەکەی نووسیوە کەدەڵێ:***

***ئاخرینماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە***
***ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە***

## شیعری نیشتمانپەروەری

**ئەی وەتەن! خۆ من بە ناحەق سەرکز و ئاوارە نیم**
**ڕۆڵەکەی خۆتم بە پاکی دوژمن و خۆێنخوارەوە نیم**
**چونکە ڕۆڵەی کوردستانم، وەحشی و پەتیارە نیم**
**وا مەزانە! کەوتە ڕۆژی خۆی، وەها بێکارە نیم**
**سەیری مەغزی دوژمن کە، تێکەڵی خوێناوەمە**

*سەرچاوە سایتی: خوزگە*

✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲

## پەندی پیشینیان

==============================

***✲دەستپێکردنی هەموو شتێک گرانە.***
***✲دووبارە کردن دایکی فێربوونە.***
***✲ئەو شتەی وا بەجێدێڵی لە پێشاخۆت دەیبینیت.***
***✲هەر ئێشە کە ئیشچی فێر دەکات.***

*لە دارستان دا هەر چی هاوار بکەیت هەر ئەوە دەبیسیتەوە.

*کەس بە نەزانی لە دایک نابێت.

*نەزان ئیشی زۆردەکات،بەڵام زانا بە کەمیش پێی دەگات.

* کەڵەشێر بە قسە نا قوقێنێ.

*بە گەنجی چ فێر دەبیت،لە دوارۆژدا دەزانیت.

*بەشی زۆری قەبارەی کێکەکان جوانن.

*سێو زۆر دوور لە دار بەر نابێتەوە.

*ئەوەی کە بە گۆرانی دێت،بە فیکەیەک دەڕواتەوە.

*چاڵ بۆ هەر کەس هەڵ بکەنیت،خۆتی تێدەکەویت.

* وشەی زل زار نادڕێنێت.

* ئەو تەمبەڵەی هەر نان دەخوات بە کار کردن ئارەق دەکات.

*قسە هەزارە و دووانی بە کارە.

*لە تەنگانەدادۆستی خۆت دەناسیت.

* پێکەنیین عمرت درێژ دەکات.

* پشیلە لە ماڵ نییە،مشکان بەزمیانە.

*هەر شتێک دەدرەوشێتەوە بە زێر نابێت.

* چیمەن هەمیشە لەوبەری سەوزترە.

*سەگی پیر فێری دانیشتن نابێت.

*بەرە لە لای تەنکییەوە دەدڕێ.

*ماڵی خۆت وەک زێرە.

*منداڵی خۆشەویست زۆر ناوی هەیە.

*هەموو کەس وەستای شانسی خۆیەتی.

*هێلکە لە مریشک ئاقڵترە.

* لە دەمی منداڵ راستتییەکان دەبیسیت

# شەمەندە فەر (و.لە ئینترنێتەوە) چیرۆک بۆ منداڵان

نووسینی ناسر فەتحی

ڕۆژێک با و بارانێکی زۆرتوند دەستی پێ کرد، هەورە برووسکەیەک هاتوو خۆی بە شاخێک دادا، هەورە برووسکەکە شاخەکەی رووخاند، بەردێکی گەورە لە شاخەکە بەربۆوە خوارێ و سەر ڕێگای شەمەندەفەرەکەی گرت.

مەلێکی ئاوی ڕووداوەکەی بینی، مەلەکە چوو بۆ لای کەروێشک و مشک و ڕێوی، ڕووداوی بەربوونەوەی بەردە گەورەکەی بۆ ئەوان گێڕایەوە.

کەروێشکەکە گوتی: ئێمە دەبێ هەر ئێستا ئەو بەردە گەورەیە لە سەر ڕێگای شەمەندەفەرەکە لابەین، چونکە ئەگەر لای نەبەین لەوانەیە قەتارەکە خۆی پێدابدا و خراپ بێ.

ئەوان هەوڵیاندا کە بەردەکە لابەن، زۆریان هەوڵدا، بەڵام بەردەکە هیچ جوولەیەکی نەکرد. ڕێویەکە گوتی: ئێمە دەبێ ماشێنە سوورەکە ئاگادار بکەینەوە، ئەوماشێن(سەیارە) یە زۆر بەهێزە و بەقەوەتە. مشکەکە گوتی: ئاخەر خۆ تازە قەتارەکە هێندەی نەماوە بگاتێ؟!

مەلە ئاویەکە گوتی: من دەچم ماشێنکە دێنم.

مەلاویەکە بە ماشێنەکەی وت: ئێمە پێویستیمان بە یارمەتییە. سەیارەگیان بەردێکی گەورە کەوتۆتە سەر ڕێگای قەتارە ئازاکە، وەرە با زوو بچین لایبەرین چونکە قەتارە ئازاکە هێندەی نەماوە بگاتێ.

سەیارە سوورەکە فیقەیەکی لێدا و هەرای لە هاورێکانی کرد، لە دەوری یەکتری کۆبوونەوە. ماشێنە سوورەکە لە هەموو هاورێکانی گەورەتر و بەهێزتر بوو، بەڵام نەیدەتوانی بە خێرایی بڕوا، سەیارە سوورەکە ڕووداوەکەی بۆ هاورێکانی گێڕایەوە و گوتی: ئێوە لە پێشەوە وەرێ کەون منیش بەدواتاندا دێم.

سەیارەکان بەپەلە وەرێ کەوتن، بەڵام شەمەندەفەرەکە جار لەگەڵ جارێک نزیکتر دەبۆوە.

دوودانە ماشێنی یارمەتی دەر گەیشتنە بن شاخەکە، دەستیان کرد بە پاڵ پێوەنان، زۆریان پاڵ بە بەردەکەوەنا بەڵام بەردەکە نەجووڵایەوە.

دووادنە ماشێنی دیکەش گەیشتنێ و هەموویان بەیەکەو پاڵیان بە بەردەکەوەنا، بەردەگەورەکە جووڵەیەکی کرد، بەڵام لەسەر ڕێگەکە لانەچوو.

قەتارە ئازاکە نزیک ببۆوە.

مشکەکە گوتی: ئەوانە ناتوانن ئەو بەردە لابەن!

ماشێنە سوورە گەورەکە خۆی گەیاندە سەیارەکانی دیکە، هەر فیقەنەی لێدەداو بەتەواوتیی هێزیەوە پاڵی بە ماشێنەکانی دیکەوەدەنا و ئەوانیش پاڵیان بە بەردەکەوە دەنا.

بەردەکە جووڵایەوە، دوایە وردە وردە هەڵسووڕا و هەڵزووڕا تا ئەوەیکە لەسەر ڕێگای شەمەندەفەرەکە لاچوو.

قەتارە خێرا و ئازاکە نزیکتر بۆوە، ماشێنەکان و ئاژەڵەکان بەپەلە لەسەر ڕێگای شەمەندەفەرەکە لاچوون و چاوەڕوان بوون تاکوو شەمەندەفەر( قەتار) ەکە تێپەڕ بێ.

شەمەندەفەرەکە گەیشتێ و بەهەمان شێوە کە تێپەڕ دەبوو فیقەیەکی کێشا و گوتی:

سسسپاسسسسسس...

# کرۆنۆلۆگی کوردستان

(بەشی یەکەم)

ناسر فەتحی

## پێکهاتنی شارەستانیەت لە میزۆپۆتامیا

### ١٠٠٠٠ ساڵ پێش زایین

[Neolithische – Revolution] [شۆڕشی نیئۆلیتیک] لەسەر زەوی پڕپیت و بەرکەتی ئەو سەردەمە،هەولین شارستانی یەتی کشت وکاڵ و ماڵاتداری[گاو مانگا]پێکهاتووە و وردە وردە ئینسانەکان لە جییەکی تایبەت نێشتەجی بوون و دێ و شارەکان و جێگای نیایشیان پێک هێناوە،بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەست دایە شارستانی یەت بۆ هەوەڵین جار لە ناوچەی[ Riha Urfa ] [رەها – ئورفە] بێنراوە

### ٨٥٠٠ ساڵ پیش زایین

هەوڵین بەڵگەی زانستی کۆنەناسی کە لەسەر کشت و کاڵ دۆزراوەتەوە،دەگەڕێتەوە بۆ 8500 ساڵ بەر لە زایین! یەکەمین ئاژەڵ و جانەوەری ناسراو لەم دەورە دا مەڕ و بزن و سەگ بوون.

### ٦٠٠٠ ساڵ پیش زایین

هەوڵین ئاوەدانی کشت و کاڵ بە شێوەی مودێرن لە باشووری کوردستان لە[هەڵەبجە]بێندراوە و لایەن زانایانەوە سەکمێندراوە.

### ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین

یەکەمین گروپی شارستانیەتی ئینسان بە نێوی سومەر[Sumerer] لە مەڵبەندی مێزۆبۆتامیا[Mesopotamien] [ناوچۆمان] لە شاری [Uruk] پێک هاتووە!

Sumerer سومەرەکان لە داوێنی شاخەکانی زاگرۆسەوە هاتوون و تا رووخانی[Akkader] ئاکادییەکان ساڵەکانی ٢٤٠٠ پێش زایین بە شێوەی شاروچکە و شارەکانی خودموختار ژیاون.

ئینسانەکانی ئەکاتە کەڵکیان لە برۆنز وەرگرتووە.هەوەڵین خەت کە لە مێژوویی مرۆڤایەتی دا پێی نوسراوە خەتی[Keil] بزماریی بووە و [Sumerer] سومەرە کەڵکیان لێوەر گرتووە.

لە زاگرۆس و ناوچەی[Osttaurus] ئاراراتی بچووک رەگەزگەلی هیندو ئورۆپیی بە نێوەکانی[Gutar] گوتی [Lulubaer] لولوبی و...دێنە سەر ماسەی مێژوو کە بنەچەکیان زۆر لە یەک نزیک بووە.ئەوانە هەر ئەو قەومانەن کە دوای تێپەڕ بوونی سەدان ساڵ بوونەتە

سەرچاوە Serchawe

قەومە گەلی [Hurri – Mitanni] هوریی – میتانی [Urartu] ئورارتو[Nairi – Kassiten] کاسیتەکان – نایری [Meder] مادەکان کە پیوەندیان لە گەڵ کوردەکانی ئەورۆ دا زۆر نزیکە. لە راستیدا کورد بە میراتگری تەواوی ئەم قەومانە کە بە درێژایی مێژوو هاتوون و چوون دەژمێردرێ و لە ژێرکارتێکردنی کولتوری ئەواندا بووە.

**٢٨٠٠/٢٧٠٠ ساڵ پیش زایین**

لەسەر دەمی دەسەڵاتی [Sumerer] سومەرییەکاندا تراژیدی[گیل گەمیش] [Gilgamesch] پێک دێ کە باس لە پێوەندی نێوان مێزۆپۆتامیا[Mesopoamien] و دەوڵەتەکانی داوێنی شاخەکانی زاگروس دەکا. ئەو تراژیدیە یەکی لە کۆنترین ئاسەواری ئەدەبی مرۆڤایەتی یە.باباڵییەکان و میللەتەکانی دیکەش لە بەینی ساڵەکانی ١٢٠٠تا ١٩٠٠ پیش زایین لە رویان نووسێوەتەوە.

**٢٤٠٠ ساڵ پێش زایین.**

لە جەزایری باشووری عەرەبەکان [ئاکادییەکان] [Akkader] سودانی ئەورۆ بە سەر [Sumerer] سومەرەکاندا زاڵ دەبەن خەکەکەیان داگیر دەکەن.

**٢٠٥٠ و ٢١٥٠ ساڵ پێش زایین**

گوتی یەکان [Gutar] کە لە داوێنی شاخەکانی زاگرۆسەوە هاتبوون، بە هاوکاری میللەتەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە بەرەنگارێکی باش دژ بە ئاکادیەکان [ Akkadar] دەکەن و ئەوان تێکدەشکێنن و زیاتر لە سەد ساڵ لە مێزۆپۆتامیا [Mesopotamirn] حکومەت دەکەن.

**درێژە هەیە**

==============================================

## بۆ زاخاوی مێشک

*بۆ سەردانێکی وەڵات ناکەیەوە؟

*بەخوای ناوێرم.

*کورە خۆ تۆ هیچت نەکردووە.

*دەزانم. بەڵام وەڵاتیش وەک نەقڵەکە وایە.

پەیوەند

سەرچاوە Serchawe

*نەقڵی چی؟
*لە حەكایەتی كۆنی كوردی دا، دەڵێ:
*ڕێویەك هەڵدەهات. ڕێویەكی دی چاوی پێ كەوت.
* پرسی بۆ هەڵدێی؟.
* كوتی ڕاوچی وە دارستان كەوتوون ڕێوی سێ گون ڕاو دەكەن.
*كوتی: خوا غەزەبت لێ بگرێ، ئەونیە ئەتۆ دوت هەن.
*كوتی: خۆ دەزانم،
* بەڵام ئەوانە لە پێشدا دەكوژن و دوایی گونانت دەبڕێرن.

=================================

*كاك شەفیقی شێخمحەممەدی دەیگێڕاوە:

*دەڵێن مەمەندئاغای شەختانێ، بانگی نیوەڕۆ، دەچێتە ئاودەستی مزگەوتی هەباس ئاغای.
*سەر بە هەر ئاودەستێك دا دەكا، دەبینێ هەمو پڕن.
ئەی خوایە چ بكا؟ تەنگاو! وەك قاز ئەو لاق ئەو لاقێ دەكا.
*سەر لە هەر ئاودەستێك دەنێ (ئەو كاتەی ئاودەستەكان سەر ئاواڵە بون و گەورە)
و تكا لە كابرایەكی نێو ئاودەست دەكا و دەڵێ
*"بێم دەگەڵت دانیشم؟" كابراش سەر هەڵدێنێ و دەڵێ:"شەرمێ ناكەی؟
*بڕۆ ئەولای بابم!"
* كاكە بۆ بڕۆم؟ بە خاتری خوای تەنگاوم، با دەگەڵت دانیشم.
*نابێ نە.
* بابە بۆ نابێ؟ پشت لە یەكتر دەكەیین دادەنیشین.
* نابێ.
* بۆ خاتری خوای، بە خۆمی دادەكەم.
*دەی باشە وەرە دانیشە.
*وەڵڵا دادەنیشێ و پشت لە یەكتر دەكەن و كارەكەیان تەواو دەبێ.
* مەمەند ئاغا دەڵێ:
"*كاكە، لە بەر ئەوەی ئەو چاكەت دەگەڵ كردوم، ئەتۆ ئاویان پێداكە ئەمن هەردوكیان دەشۆمەوە!!"




کوردە گیان یا خوا جێژنت پیرۆز بێ
بەهاری ژینت جێژنی نەورۆز بێ
چەند دڵگوشایە خاکەلێوەکەت
پیرۆزە ڕەنگە شاخ و کێوەکەت




مانگی بانەمەڕ لە کوردەواری
بەهەشت لە دنیا خۆێ داوە دیاری
کەژ پۆشی لە گوڵ چادری سوور و زەرد
هاڕەی هەڵدێران دەرمانە بۆ دەرد




ڕنجبەر با بەس بی سەری گێسوانان
لە دەستی تۆیە چاوی ئەعیانان
وا جۆزەردانە و کۆچی بەهارە
سەرەتای ڕنجی مامی جووتیارە




یاخودا هەرکەسی کوردی خۆش نەوێ
وەک پووشی پووشپەڕ بەڕووداکەوێ
بەداسی مەردی پاڵەی کوردستان
بیدەن لە تایە بۆ ساردی زستان




گەلاوێژەکەی بەختت لە ئاسۆ
دەرکەوت، چابوو تۆ نەبووی ڕەنجەڕۆ
نرخی ئەم مانگە پارەی گیانە
جێژنی سەر ساڵی کۆمەڵی ژیانە




وا ڕەنجی ساڵت هاتوتە بەرهەم
ڕۆژی ماو زۆرن نەبی، کەترەخەم
ئەمساڵ تۆ نەکەی بۆ ساڵی دوایی
مانگی خەرمانان دەکەی گەدایی




ڕەزمان هاتەبەر، لە خەم بووین ڕزگار
ڕەزبەر بە خێربێ بۆ کوردی هەژار
پڕبوو لە میوە ئەم دەرو دەشتە
ڕاستی کوردستان وێنەی بەهەشتە




دوژمنمان بمرن بە دەرد و بەڵا
وەک بە خەزەڵوەر دادەڕژێ گەڵا
ئاور دوو داخە کوردە زستان دێ
بەفر بەرێوە بۆ کوردستان دێ




سیخوار خۆی نواند لە بەر پەساران
سەرما هات، دڕا بەرگی هەژاران
نانا، تۆ مانگی دڵخوشی و شادی
تێیدا هەڵکرا ئاڵای ئازادی




وا بەفرانبار رووگرژ و تاڵە
کوردە گیان وەختی خزانە ماڵە
هاوین پەیداکە، ئەمڕۆ بی پۆشە
پیاو بە ئێروو بی؟ زستانیش خۆشە




ڕێبەندان گەرچی ڕێگەبەندانی
گلێنەی چاوی گەلی کوردانی
لە نێو مانگاندا جوان و رووسووری
لە تۆ دا کرا جێژنی جومهووری




ڕەشەمە، نامەی بەهاری هێنا
کۆچی بە خێڵی سەرمایە لێنا
ڕنووی رووخاندن تۆپخانەی شەماڵ
کوردە دڵخۆش بە نەما ژینی تاڵ

هەژار

**ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

سەرچاوە
Serchawe